

**نووسەر: یاشار کەمال**

**وەرگێر : حەسەن ئەیوب زادە**

## وتاری یاشار کەماڵ، لە کۆنگرەی - دێموکراسیی دا

ئەوەی دەیخوێننەوە وتاری ناودارترین نووسەر، ئەدیب و شاعیری ڕەچەڵەک کوردی تورکینووسی هاوچەرخ، یاشار کەماڵە کە بە دژی داگیرکەرانی کوردستان لە کۆنگرەی دێموکراسیدا, بە زمانی تورکی خوێندویەتەوە. دواتر وتارەکە کراوە بە ئاڵمانیی و لە گۆڤاری Kurdistan heute ژمارەی٩ ساڵی ١٩٩٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئەو وتارە جیهانبینیی، بناخەی فکریی و روحی ئەشکەنجەکراوی بیرمەند و ئەدیب، یاشار کەماڵ بە ئێمە دەناسێنێ. نووسراوەکەی یاشار کەماڵ بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ڕەوایی خەباتی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەرێز عەبدوڵلا ئوجەلان، بیرمەند، سیاسەتڤان و بناخەدارێژەری خەباتی نەتەوەیی بە ملیۆن کورد لە باکوری کوردستان . هەروەها ئەو نووسینە ئاماژەیەکە بە غەدری کارگێرانی سیاسەتی بێبەزەییانەی بڕیاردەرانی چارەنووسی گەلان.
بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوەیە، رێزدانانە بۆ روناکبیرانی تورک کە لەو خەباتە رەوایەدا دژ بە شوینیزمی کوێری تورک خەبات دەکەن.. وەرگێڕ

کۆنگرەی دێموکراسی لە ٢٥ و ٢٦ دیسامبری ١٩٩٣ لە ئیستامبوڵ پێک هات. لەو کۆنگرەیەدا بە وردیی لەمەر دێموکراسیی لە تورکیا و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی مەسەلەی کورد قسەکرا. لە کومیتەی ئامادەکاریی‌دا ئەو نووسەر و هونەنەرمەندانەی کە لە ژێرەوە ناویان نووسراوە، بەشدار بوون:
یاشارکەماڵ، نور سۆیر، ئەرجان کانار، دمیرتاش جەیهون، عەلی‌رێزا دتزدار، عیسمەت هوتامان، مونیر خبێلان ، راغیب زاراکلوو، ویجدان بایکارا، ئوفوق ئاراس، مورات بەلگە، عیسمەت ئاکتاش..
کۆنگرەکە دوو رۆژی خایاندو سەرەتای کۆنگرەکە بە خوێندنەوەی وتاری یاشار کەماڵ، دەستی پێکرد:

" ئێمەی رووناکبیر فرە تاوانبارین. ئێمە نەمانتوانیوە دێموکراسی و ودم وبەرەکەتەکەی بۆ خەڵکەکەمان روون‌بکەینەوە. ئێمە ئەگەر لەو هەل و مەرجەدا بووایەین کە خەلکەکەمان لەو دەرفەت و ئیمکانەی کە دێموکراسیی پێشکەش بە خەلکی کورد و تورکی دەکا، تێگەیاندبایە، هیچ هێزێک نەیدەتوانی پێش بەو خەلکە بگرێ. ئێمە دەزانین ئەو خەلکە لە کامە بەرەدایە و لە چی دەترسێ. هەروەها دەزانین کە، خەلک مەزنترین هێزە. ئەگەر لەگەڵ هێزە راستەقینەکان یەکگرتوو بووایە، ئەگەر دێموکراسیی لە تورکیا واتە ئەوەی کە لەبەرچاوە- ئەوەی کە لە ١٩٤٦ دامەزرا، توانرابایە بکرێتە دێموکراسییەکی راستەقینە- لەو حاڵەدا ئەودابەشکردنە مەترسیدارەی سامان و داهاتی لێ

نەدەکەوتەوە. من دەڵێم مەترسیدار، چونکە ئەو ساماندابەشکردنە، نامرۆڤانەیە. ئەو شێوە سامان‌دابەشکردنە دارزاندنی مرۆڤە. ئەوە چەوساندنەوەیە. ئەوە وتەی زانایان و ئابووریناسانە. ئەدیبێکی وەکو من – تەنیا ئەوە دەڵێ کە بیستوویە. ئەوە بۆ مرۆڤایەتی شەرمە. ماوەیەکی کورتی بەر لە ئێستا،خانمی سەرۆکی وەزیران،[تانسو چیللەر] شتێکی ئەو تۆی گوت:
"تورکیە لە ریزی پازدەهەمین وڵاتانی خاوەن مەدەنییەتی جیهان‌دایە." ئاغای دیمێرێل شتێکی ئاوا دەڵێو لەوەش تێدپەڕێ. " ئەم ئاسۆ روونە" هی سولەیمان دیمیرێلە. بەڵام تورکیە لەو چارەرەشییەدا رۆچووە. لە بەڵای ئاوسانی ئابووریی‌و لە نەگبەتی دابەشکردنی سامان‌دا نقوم بووە. ئەگەر ئێمە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بایەین کە دێموکراسییەکی راستەقینەمان پێکهێنابایە،تورکیا دووچاری پەتایەکی ئەو تۆ نەدەبوو. ئەوانەی دەڵێن تورکیە بەشێکە لە جیهان، درۆ دەکەن.

تورکیە یەکێ لەو وڵاتانەیە کە چەوساندنەوە و دیکتاتۆریی تێیدا حاکمە. جەهەننەمی ئەشکەنجە، ناتوانێ بچێتە نێو ریزی وڵاتانی خاوەن شارستانییەتەوە.
دێموکراسی کەرامەتی مرۆڤایەتییە. هەر نەتەوەیەک ، هەر ئەندازەش پچووک بێ، هەرچەند لە نێوەرێی دێموکراسییدا بێ، کۆمەڵگایەکی مرۆفایەتی‌خاوەن کەرامەتە. بەلام وڵاتێک کە بە ناوی دێموکراسییەوە درۆ دەکا، وڵاتێکی بێ کەرامەتە. من ناڵێم:
خەلکی تورک بێ‌کەرامەتە. من لە نێوان خەڵکی ترک و ئەوکەسانەداجیاوازی دادەنێم. من کەرامەتی ترکان دەناسم و دەزانم خەلکی ترک چۆن فریودراوە. لەو رووەوە دەمەوێ زۆر بە ڕاشکاویی باسی بکەم. خەلکی ترک بە بێکەرامەت ناونابەم. بەرێوەبەرانی تورکیە هەموو بێ کەرامەتن.
زۆر بە ئاشکرا داخفم. وەکو ئەوان وبە جۆرێکی دیکەی نانووسم. هەول‌دەدەم زۆر بە ئاشکرا بدوێم:
کەسیک ورەی نەبێ کەرامەتی وڵاتەکەی بپارێزی، کەرامەتی نییە.
وڵاتێکی ئەوتۆ کە لەلایەن ئەو بەرێوەبەرانەوە بەرێوە بچێ، ناتوانی لە ریزی ئەو پازدەولاتە خاوەن شارستانییەتەدا بێ.
ئەفەندی ئێوە درۆ دەکەن! بۆ کەرامەتی تورکیا ... برۆن، خۆتان لەچاپەمەنییەکانی ئوروپاییەکان بروانن کە کەرامەتی تورکیا چییە. تورکیا بۆی نییە تۆسقالێ کەرامەتی هەبێ. ئەوە دێموکراسییە. سروشتییە کە ئەو وڵاتە پرستیژێکی دیکەی هەیە. هونەرمەند عابدین دینۆ کە لە مێژ نییە مردووە، خاوەنی ئەو حورمەت و ریزە بوو. ئەو کەرامەتە هونەرمەندی نەبەز، نازم حیکمەتی ناچار کرد لە مۆسکۆ بمرێ. هەموو هونەرمەندانی‌خاوەنی ئەو پرستیژ و ناوە دەبێ لە زیندانداندا وەرکەون. ئێستا ئێمە ناتوانین لە دێموکراسیی وەژوورکەوین. کۆسپگەلێکی گەورەمان لە پێشە کە لە دێموکراسیمان دووردەخاتەوە. ئێمە دەبی زۆری لێ دوورکەوینەوە. کۆمەلگایەکی زۆر خاوەن حورمەت کە لە ئاکامدا ناتوانم بڵێم، ئەمە کۆمەڵگای پاقژی تورکە، من بەو کۆمەڵگا بەروومەتە دەڵێم: ئەگەر لە تورکیا دێموکراسیی هەبایە ئەو بەڵایەمان بەسەر نەدەهات. بۆخەلکی ولاتێک ئاوا کەترەخەمی بکرێ، گەورەترین بێ‌کەرامەتییە. ئەم وڵاتەی ئێمە زۆر هەژارە. ئەوەش گەورەترین بەڵای ئێمەیە. دەمەوێ لە نەگبەتییەکی دیکەش بدوێم. ئەگەر ئێمە دێموکراسییەکی راستەقینەمان هەبووایە... من نووسەرم ، من خوشم گەرەکە ، زۆرجار کەڵک لە زمانەکەم وەرگرم. من دووپاتەی دەکەمەوە: ئەگەر ئێمە بە دێموکراسیی گەیشتبایەین، ئەمرۆ مەسەلەی کوردمان نەبوو. لە دێموکرسیی راستەقینەدا مرۆڤ بڕووکەیەک مرۆڤانەترە، رووناکبیرترە، بە هۆشتر و نیشتمانپەروەرترە. لانی‌کەم نزیک بە پازدە ملیۆن کورد لە( لە پشتوێنەی سنووری تورکیا)، لەمەوبەر هەشت ملیۆن بوون، رەنگە حەوت ملیۆن بووبن هەن. ئەگەر ئێمە دیمۆکراسییەکی راستەقینەمان دامەزراندبایە،کەسێک توانیبای لە ١٩٤٩دا بڵێ: دەی برا ئازیزەکەم وەرە! براکوردەکەم! ئێوە زمانتان نییە، قوتابخانەتان نییە، وەشانی رادیۆییتان نییە،ناتوانن کتێب بنووسن، ئێوە چ مرۆڤێکن؟". کاتێ کوردێک هاتبایە و گوتبای؛ ئێمە تورکین و نامانەوێ :" ئەو درۆزنە دەبوو ڕاونێن" ئەو کاتە کوردان دەیانتوانی قوتابخانەی خۆیان دامەزرێنن، لە دێموکراسییەکی کارادا دەکرا ئیمکاناتی کورد و تورک یەکسان بن. ئەوەش بۆ ژیانێکی برایانەی هەردوو گەل، بووایە، ئەو کاتە دەمەتەقە و شەر پێویست نەبوو. دەکرا لە کاتی دامەزرانی کۆماردا بگوترێ: " تکایە ، هەڤاڵنۆ! ،ئەوەندەی بکرێ یارمەتی بە قوتابخانەکانتان دەکەین. ئابوورییەکەتان

تونایە، بەڵام ئێوە ئیمکانەیلێکی مەزنتان هەیە؛ ئێوە نەفتتان هەیە،کانی ژێرزەویتان هەیە،کێڵگە و زەویوزارتان هەیە... ئێوەش دکارن یارمەتی بە تورکیە بکەن . کولتوری ئێوەش کە گەشە بکا،نووسینێشتان گەشە دەکا، وێژەو ئەدەب و هونەریشتان گەشە دەکا. یەک تشت دەبێ فام بکەن : لە ئاناتۆلیی زیاتر لە خەلکی ئێمە رابێنن،چونکە پێویستیتان زیاترە. ئێمە نووسینمان پەرە پێداوە،قوتابخانەمان هەبووە،لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا ئێوە تاق و لۆق قوتابخانەتان هەبووە، ئێوە دەبێ قوتابخانەی سەرەتاییتان پەرە پێبدەن." چونکە دێموکراتییەکەی ئێمە باش کارا نەبووە و نەیتوانیوە کولتوری خەلکی تورک گەشە پێبدا. کولتوری خەڵکی تورکیش وەپاشکەوتوو ماوەتەوە. هەروەها خەلکی تورک ناچار بوون رەنجێکی زۆر بکێشن.

من وەرزێرێکم؛ وەرزێرێکی تورک نییە، کە لە ١٩٣٤وە هەتا١٩٤٠دارکاری نەکرابێ.

کورد و تورک یەکسان پەروەردە دەکرێن. ئایاکولتوری تورک باشتری رەفتار لەگەل دەکری؟ گەورەترین شاعیر حەڤدە ساڵی زیندانی کێشا. لە جیلی مندا یەک شاعیر و نووسەر نەبووەکە لە زیندانەنەکرابێ. ئەوە رێزدانانە بۆ کولتوری وڵاتیک؟ شتێک لە مێژووی تورکاندا هەبوو، ئەویش ئەو فەرهەنگە پێشکەوتووە بوو لە سەرانسەری جیهاندا... سیستمی گوندئەنستیتۆ ( کۆی ئەنستیتولەری). ئەو ئەنستیتویانە تیپێک مرۆڤی نویی پەروەردە دەکرد. ئەم سەدەیە سەدەی پێشکەوتن و نوێبوونەوەیە. سەدەیەکە کە تێئۆری مارکسیستیی لە ئەزموون و تاقیکردنەوەدا سەرنەکەوتووە. ئەنشتین و فرۆیدبەرهەمی ئەم سەتساڵەن. زانست لەگەشەکردندا بەو پەری خۆی گەیشت. تەنانەت لیتراتور بەپێچەوانەی سەدەی نۆزدە چەند لایەنی بوو. بۆ یەکەمجار لە جیهاندا " گوند ئەنستیتوو" دامەزران. بەو سیستمی کۆیلەتییەی کە بە سیستمی ئاکادێمی ناودەبرێ مرۆڤ هەرگیز نەیتوانی ببێتە مرۆڤ. ئەم سیستمە لە سیستمی کۆنی کۆیلەداریی یونانییەکان وەرگیراوە. ئەو سیستمی فێرکردنە؛ سیستمی لەبەرکردنە، کۆسپێکە لە سەرڕێگەی مرۆڤایەتی.. کۆیلەتی لەم سیستمەدا تەنانەت پەرەگرتووترە. مرۆڤ لەم سیستمی لەبەرکردنەدا لە یونانی قەدیم کۆیلەترە. بۆ راهێنان تەنیا یەک ئیمکان هەیە: راهێنان لە سیستمێکدا کە مرۆڤ نەکرێتە کۆیلە. سەربەخۆیانە لەگەل سروشت وێکرا کاربکەن و لێیان بکۆڵدرێتەوە. زانایان دەبێ لەو سیستمەدا کارابن.

ئەو فاشیزمەی کە ئەو دوو حیزبە لەو ٥٠ ساڵەدا دروستیان کردووە،- من لەگەل هاوڕێکانم باسی دەکەین- باس دەکەن کە ئەوە فاشیسم نەبوو. ئەدی چییە؟ ناوی راسیسمە، بنیچە ئاژۆیییە؟ ناوی چییە؟ پێیان دەلێم:" ناوێکی لەسەر دانێن."

تۆ ناتوانێ ناوێک بۆ ئەم مێکانیزمە ستەمگەرە بدۆزیەوە. کامە تشت؟ ها لاوکۆ! مرۆڤ بۆ ئەم مێکانیزمە هەرچی پەرچی، درۆزن،پۆخڵ و بێرەحمە ناتوانی ناوێک بدۆزێتەوە. لەو ٧٠ ساڵەدا کۆماری تورکان چۆنی حکومەت کردووە؟ ئەوە نە دێموکراسییە،نە فاشیسمە، نە نازیسمە،خراپتر لەوانەی حکومەت کردووە. لەوانە زیاتر ئازارخولقێن بووە. ئەشکەنجەگەرتربووە. تەنانەت ئەمڕۆ زیاتریش... ئەو رۆ ئەگەر جەنابی کۆماری تورکیە دێموکراسیی هەبایە؟ سەرانسەری ئەدەبیاتی تورک دژ بە ستەم و داپڵۆسین دەبوو؟ ئەم ولاتە زێدی یونوس ئەمرە، وڵاتی کاراجە ئۆغلانە، نیشتمانی پیرسوڵتانە. ئێمە خاوەنی ئەدەبێکی مەزنین. ئێرە ژینگەی نەسرەددین خۆجە( مەلا نەسرەددین)، کوێرئۆغلوو دەدە قورقوتە. مرۆڤ دکارێ زۆری دیکەش بژمێرێ. مرۆڤ تەنیا دەتوانێ نازم حیکمەت و ئورهان کەماڵی دژ بە ستەم لە ریزی بەرەوە دابنێ. ئورهان عەلیش دژ بە هەژاریی و برسێتیی ناوبەرێ.

... مرۆڤ دەتوانێ ئەوە بە دێوەزمە ( " ئەعجوبە") ناوبنێ. میکانیزمێکە کە مرۆڤ توانای باسکردنی نییە، ئازار دەدا، سەرکوتی دەکا، ئەشکەنجە و بێرێزیدەکا.

ئەوەی ئەمڕۆ بەسەرکورد دێ، تا ئێستا بەسەر کەس نەهاتووە. دەڵێن لە هەزارساڵ لەمەو بەرەوە ئێمە براین. مرۆڤ زمانی برای هەزارساڵەی خۆی دەبڕێ؟ برای هەزارساڵیی خۆی کە شان بەشانی ئەو " لەوسەروبەندە"داله شەری سەربەستییداوێکرا بەشدار بوون ؟ ژمارەی کوژراوانی کورد فرەتربوون لە ژمارەی سەربازی تورک. چونکە بەشێکی زۆر لە سەربازە تورکەکان لە شەڕی یەکەم دا لە نێوچووبوون. لە ئارشیوی ستادی ئەرتەشدا مرۆڤ دەتوانێ ببینێ، کێ لە کوێ شەڕی کردووە.

لەراستیدا کوردو تورک وەکو گۆشت و ئێسک وێکرا هەڵیانداوە. یەکێ لەو دوو برایە بەلام لەم وڵاتەدا نە خاوەنی زمانە و نەقوتابخانەیە... ئەو" ترکی کێوییە". ..
لەراستیدا ئەمرۆ تورکیە لەمەر دۆزی کورد بارێک بەڵا و موسیبەتێکی قورسی بە ئەستۆوەیە. لەلایەکی دا ئاپۆ( پ.ک.ک.) یە. داویەتە شاخیی و شەڕدەکا. سەربازی تورکیش دژ بەو لەشەردایە. کاتێ ئەو دوو برایە ئەو شەڕە دوولایەنەیە بە شێوەیەکی قانوونیی وەبەرچاو بگرن، گرفتێک نییە. هەردوو چەکدارن. بەلام روداوگەلی زۆر خراپ دەقەومێن... لە تورکیا ، کۆماری تورک مرۆڤی ٨٠٠ گوندی ڕاوناون( پێیچۆڵکردوون). کەس ناتوانێ حاشای لێبکا. کۆماری تورک حاشالە هەموو تشت دەکا. بەلام وێران کردنی ئەو گوندانە لەلایەن کۆماری ترکانەوە تەنیا شتێکە کە حاشای لێناکرێ.
کەس لە تورکیادا لە ژیانی خۆی ئەمین نییە. مرۆڤ ئەمرۆ دەچێتە پیاسەکردن و سبەی دەکوژرێ. من کە ئەمرۆ ئەوەدەڵێم لەبەر ئەوەیە کە تەمەنم حەفتاساڵە. من دەڵێم چ دەبێ با ببێ. ئەفەندی تۆ باندی مرۆڤکوژت دروست کردووە، بۆ ئەوە مرۆڤیان پێبکوژیی! لەبرێ ئەوە بیانکوژی دەتتوانێ بیانگری!.
من ئەوە ناڵێم ، چاپە مەنیی تورک بەردەوام ئەوە دەنووسن. ئێمە دەیگێڕینەوە. ئێمە ئەندامی کۆمەڵگای ئوروپاین. ئێمە دێموکراتین، بەلام رۆژنامە دادەخەین و خەلک دەکوژین. شارۆچکەکان دەدرێنە بەر ئاگری تۆپ. مرۆڤ بۆی هەیە وڵاتی خۆی و خەلکەکەی خۆی بۆمبابارا‌ن بکا؟ هۆی پەرەگرتنی ئەو دوژمنایەتییە لە نێو تورک و کورددا رەگەزپەرستییە.
کورد خاوەنی کولتورێکی زۆر دەوڵەمەند ووێژەو ئەدەبێکی کۆنە. فڵانە دەڵێ : کوردیی ٥٠٠ وشەی هەیە. پیاو دەبێ لە خوا بترسێ. ئەگەر کوردیی تەنیا ٥٠٠ وشەی هەبێ، ئەحمەدی خانی چون دەیتوانی دیوانە مەزنەکەی بنووسێ. فەقێ تەیران چۆن دەیتوانی سەتان چیرۆک لەسەر مەل و باڵندە بنووسێ؟ مەلای جزیریی چۆن دەیتوانی دیوانە بەرزەکەی بنووسێ؟ کوردستان بەهەشتێکی کولتور و ئەدەبو وێژەیە. لە ئەحمەدێ خانییەوە تا مەمی ئالان ، مەم و زین، کوردان سەتان دیوانی شێعریان هەیە. ئەدەبی تورک یەک لە گرنگترینەکانی جیهانە. ئەگەر کورد ئەودەرفەتە یەکسانەی تورکیان هەبایە، ئەمرۆ ئەوانیش نازم حیکمەتێکیان دەبوو، ئورهان وەلییەکیان دەبوو. کولتور و وێژەی کارتێکەریان هەیە. جیهان باخێکی کولتورانە. یەکی نەمێنی وەبزانە هیچی نەماوە. نەبوونی دێموکراتی لە تورکیا ئێمەی هەژار کردووە.
ئێستا لە تورکیادا شەرێکی گڵاو، نگریس و بێزهێنەر لە ئارادایە. کابرا دەڵێ : "من دەگەڵ کوردان ناپەیڤم." کابرا! کورد ١٥ نوێنەریان هەیە. ئەوانە دەتوانن ببنە ئەو هەیئەتە. گەلۆ١٥ ملیۆن بۆیان نییە نوێنەرێکیان هەبێ؟ سولەیمان بەگ ئێژێ:
" زیپکە بەردێک بە کەس نادەم" . هۆی کرۆ! کێ زیپکە بەردێکی تۆی گەرەکە؟ یان خانم سەرۆکی وەزیر ئێژێ: بستێک ئەرد وەکەس نادەم!" ئەمرۆ کوردێکی زۆرلێرەیە. ئاخۆ کەسێکی لێیە بستە ئەردێکی بوێ؟ پێموا نییە. بۆچی دەبێ کەسێک ئەو تشتەی بوێ؟ سولەیمان بەگ شتێکیدیکەش دەڵێ: من ئەگەر ئازادیی کولتووریيان بدەمێ، داوای سەربەخۆیی دەکەن.
سەدەی ٢١/٢٠ بە سەدەی مافی مرۆڤ نێودێرکراوە. هیچ کەمایەتییەک و گروپیکی ئیتنیکی ناکرێ لە مافی مرۆف بێبەش بکرێ. کۆماری تورکیە دەتوانێ ماوەیەکی زۆر پێشی پێبگرێ. دەتوانێ لینگەو قوچ بێ. کورد دەتوانێ مافی مرۆڤی خۆی بەم جۆرە یان بەجۆرێکی دیکە وەدەست بێنێ. بیرورای گشتیی بەهێزە. ویژدانی گشتیش زۆر بەهێزە. خەلکی سەرزەوی ئەمریکایان لە ویتنام ڕاونا. بەو جۆرە کە ویتنامییەکان راویان نان ، سەربازەکانی سۆڤیەتیش لە ئەفغانستان راونران.
دەکرێ ئێمەش سۆزیی ئەو ئەزموونەمان هەبێ. ئەگەر ئێمە مافی ١٥ ملیۆن کورد نەدەین، بیرورای گشتیی جیهان پشتیوانیی لێدەکا. لەو حاڵەدا ئەرتەشی تورک بە ٥٠ ملیۆن سەربازەوە ناتوانێ باشاری بکا. تۆ دەتوانی فرۆکەی شەڕکەر لە ئاڵمان بکڕی. بەڵام ناتوانێ ویژدانی خەلکی ئاڵمان بکڕی. ویژدانی خەلکی فەرەنسە ناتوانی بکری. تۆ دەتوانی هەموو لایەنگرانی ئاپۆ بکوژی،بەلام سبەی لەوان مەترسیدارتر دروست دەبێ.
ئێمە پچووک نین. ئەگەر بەختەوەریی خەلکی کورد لە جیابوونەوەدابێ، لەگەڵ دابەشکردنم. لە بەیانییەی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: خەلک مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە." ئەوەی کە دەڵێ، باوەری بەو مافە نییە، دێموکرات نییە. ئێمە دەبێ لەهەرحاڵدا یەکێتی کورد و تورک دامەزرێنین و

بپارێزین. ئەگەر ئەمرۆ تۆ کورد بکوژی، سبەی ناتوانی بە متمانەوە دەستپێبکەی. سبەی کە دوژمنانە دەستت پێکرد، ئەوەی کە تۆ بوویەتە هۆی پێکهاتنی، ئەوکاتە ئەو دوژمنایەتییە بەردەوام دەبێ. لەم جیهانەدا کەسێک وەکو سەرۆکی فەرماندەری سپاکەمان ناپەیڤێ. ئەم دەسەڵاتدارە ئێژێ:" ئێمە خۆمان بۆ کۆمەڵکوژییەک ئامادەدەکەین".
کوردان جەژنێکی ٣٠٠٠ ساڵەیان هەیە. ئەم جەژنە ناوی نەورۆزە. کیژو کوڕ بە جل و بەرگی جەژن خۆیان دەرازێننەوە. تۆ لەو رۆژەدا وەبەر گوشەیان دەدەی و ٨٠-٩٠ کەسیان لێدەکوژی. خەلک ئەوە فەرامۆش ناکەن. ئەوە نموونەیەکی بەرچاوەو لە یاددا دەمێنێ. هەموو رۆژێ ١٠-١٥ یەک دەکوژرێن. ئاپۆش ناکوژێ؟ بەڵێ ئەویش دەکوژێ. بەلام تۆ دەولەتی. ئاپۆ لەبەر تۆ وەشاخی کەوتووە. تۆ بوویەتە هۆکار. لە چیاو لە گوندان ژن و منداڵ دەکوژرێن و لە هیچ رۆژنامەیەکدا باسیان ناکرێ. ئەگەر تۆ دەست بە کوردکوژیی بکەی ، ئەوان لەوێدەمێننەوە و ژان و ئازاری منداڵەکانیان لەبیر ناکەن. ئەوکاتە چی دەقەومێ؟ من بیری لێدەکەمەوە و بە زەینمدا دێ کە کارگێرانی حکومەتە کەی ئێمەیان بە خەیان بە نیشتمانی باوباپیران نێودێر کردووە. ئەمن ئەوانە بە خەیانەتکار بە نیشتمانی باووباپیر نێودێر ناکەم بەڵکو بە بێ مێشکیان ناودەبەم.
م. تانریوێردی لە تورکییەوە کردوویە بە ئاڵمانیی

٢٢/١/٢٠٠٩